# هەڵوێستێکی نائاقڵانە بۆ مێژو

هەڵوێستێکی نائاقلانە بۆ مێژوو هەر وەک خەڵکی کوردستان و ئیران ئاگادارن زۆرێک لە حیزب و لایەنەکان لەسەر بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئیران زۆربەی حیزب ولایەنە سیاسیەکان هەر یەکەو بە نۆبەی خۆی ئەو بەناو هەڵژرادنانەیان تەحریم کرد .یان پێش وازیان لێکرد دیارە لە نێو ئەو راگەیاندنانەی تا ئێستا دراون لە هەموو یان سەرنج راکێشتر ئەو راگەیاندنەی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوو ، کە زۆرترین کاریگەری هەبوو لەسەر خەڵکی کوردستان و ئیران بە لام خراپترین ڕاگەیاندن لەو ماوەیەدا کە دەرکرا ئەو راگەیاندنەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بەخوێندنەوەیەکی زۆر ناماقوڵ وە زۆر پێش وەخت پێش وازیان لەو بەیاننامە(٨ ) مادەیەی‌کەروبی کرد، کەبەراستی مەگەر هەر ئەو کەسانە ئەو شتەیان قەبوڵ بێت کە خۆدی ئەو دامو دەزگا سەر کوت کەرەیان قەبوڵ بێت هەر وەک زۆرێک لە راگەیاندە جۆراو جۆرەکانی ناو خۆ و دەرەوە باس لە هەر چوار پاڵێو راوەکان دەکەن وەک تاک تاکی خەڵکی ئاقلو هۆشیار بدەیان ناسێت ، بەراستی بەو رابردوە باشەی کە ئەم ئاخۆندانە هەیانە نەک نابێت باوەر بە شو عارە ڕەنگاو ڕەنگە کانیان بکرێت بەڵکو دەبێت ئەمانە رۆژی خۆی هەر هەموو یان دادگایی بکرێن هەقی هەرموو ئەو گەنج و ژن و خەڵکی زەحمەت کێش لەو تاقمە خوێن رێژە بستێندرێتەوە، هەر هەموو یان دەبێت حوکمی هەتاهەتایان بۆ ببرێتەوە .

کەسی وەک کەروبی کەبۆ خۆی هەر لەسەرەتای هاتنەسەر کاری ئەو رژێمە جەنایەت کارەوە هەتا ئەمورۆشی لەگەڵدا بێت کەسی دەمراستی ئەم ڕژێمە بووە، بۆ قەت نە هاتو وە بۆ تاقە جارێکیش پێش بە ناو هەڵبژاردنەکان قسەیەکی ئاوابکات کە بۆخۆشی باوەری پێ نیە، مەگەر کێ دەتو وانێت لە

خاتەمی درۆزنتر بێت یان کایە بە ئیحساساتی خەڵک بکات خاتەمی توانیتی چی بکات؟

تا کەسی وەک کەروبی بێت شتێک بکات بۆ خەڵکی کورد ، یان قەومیەتەکان پرسیار لێرە دێتە پێشێ ئەوەیە ،چۆن دەبێت حیزبێکی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بۆ خۆی لەدەرەوەیە باش دەزانێت کە ئەم پێش وازیە زۆر خزمەت دەکات بۆ مانەوەی ئەم ڕژێمە؟

من پێم وایەکە خودی ئەم حیزبە دۆراوە نازانێت چی دەکات کەواتە ئێوەش بچنەوە نماییندەی خۆتانبنێرن ئەگەر قانونی ئەساسی ئیجازەتان پێدەدات، کە من پێم وایە بەو نەو عە بیرکردنەویەتان ئەتوانن خۆتان لە چۆ وارچێوەی قانونی ئیراندا بگوجێنن ،ئەگەر ئێوە جەماوەرتان لەگەڵ بێت بەتەئکید هیچ وەخت راگەیاندنی ئاوا دەرناکەن تا خەڵک توشی سەر لێشێواوی بکەن، ئەگەر هەر کەس چاو لەتەرکیبی کەسەکان بکات بۆی دەر دەکەوێت کە بۆ ئەم چوارکەسە داندراون . کەسی وەک موحسین ڕەزایی کە تاک تاکی خەڵکی کورد دەی ناسێت ئەویش بە کەسێکی جەنایەت کار دەناسرێتە وە لە کوردستان،یان کەسی وەک مەحمودی ئەحمەدی نەژاد ئەوە هەموو باش دەزانین کە چۆن کەسێکە یان کەسی وەک میر حسێن موسەوی کە ئەندامی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی ئیران بووە پێشتریش فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران بووە، ئەم کەسانە پێش هەموشت دەبێت دەست هەڵنەگرن لە پێتاندنی یورانیوم. تادەستیان بگات بە بۆبی ئەتۆمی دەست هەڵنەگرن لە ترس و وەحشەت لە ئیعدام و سێدارە داخستن و راوەدوونانی روناکبیران و رۆژنامە نوسان و وێبلاگ نوسان و رێخراوەمەدەنیەکان. ئاخر ئەگەر ئە ڕژیمە فشاری ناو خۆی بۆ نەهاتو وە لەگەڵ فشاری دەرەکی کەسی وەک خامەنەیی دوای سی ساڵ وەبیری هاتۆ تەوە کە نەتەوەیەک هەیە بەناوی نەتەوەی کورد دەچێت سەردانی کوردستان دەکات ئەویش هەر وەک تەفریح وابوو، کە بەسەدان میلوین تمەن خەرزکرا ، تا ئەو حەزرەتە هیچی

بەسەر نەیەت ئاخای هەزرەت تازە وەبیری هاتۆتەوە کە دەڵێت میللەتی کورد میللەتێکی گەرمن ئاخای ناهەزرەت خەڵکی کورد  هەمیشە هەر گەرم و ئاشتی خوازبوون بەلام تۆی شاقەڵ ڕەش کەبەهەزاران درۆ لەژێر شاقەلەکانتا خۆیان حەشارداوە هەر دەساڵەو دانەیەکیان دەر دەخەیت خەلکی فەقیرو هەژاری پێ فریو دەدەیت ، بەم قسانەت پێت وایە کە ئەم میللەتە هیتر ئەو هەموو جەنایەتە یان لە بیرچۆتەوە ئاخر کەسی وەک خامەنەیی تەنها بۆ یەک مەبەست سەردانی کوردستانی کرد لە بەناو هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆ هەم خەڵکی کوردستان باش نیشانیان دا کە هیتر باوەر بەم ڕژێمە ناکەن ئەم جارەیان ئاخای رەهبەری نا موعەزەم سەردانی کوردستان دەکات  تابە خەڵکی کورد وانیشان بدا ، کە ئەو خەڵکی کوردی خۆش دەوێت ئەو بەس بۆ سەردانیان هاتووە تابزانێت دەردو   بەد بەختی ئەو خەڵکە چیە  تا ئەو بۆ یان حەل بکات، ئاخر ئاخای نارەهبەر هەر کە ئەم رژێمە هاتە سەر کار خەڵکی کورد  گەورەترین  مقاوەمەتیان کرد نەیان هێشت هێزی داگیر کەر بێتە کوردستان ، بەلام براگەورەکەی تۆ دەستوری دا هێرش  بکرێتە سەر کوردستان ، جانازانم چۆن لە روتان هەڵدێت پێتان بخەنە ناو خاکی کوردستان بە خەڵکەکەشی بڵێن خەڵکێکی گەرم و میهرەبانن بەراستی. بێ چاوەروون بێ شەرمن . من لە کۆتایی دا هەر ئەوەندە دەڵێم دەنگدان بەو رژێمە یانی دەنگدان بەسێدارە بەسەنگسار بەبێ کار بەداخستنی رۆژنامە و گۆفارەکان بە بۆمبیی ئەتۆمی بەجەنایەت و بەحیجاب بەپشتیوانی لەتیرۆریزمی نێو دەوڵەتی بەدووا کەوتوویی بەدووا کەوتوویی کۆمەڵایەتی بە دژی ئازادی وە هەروەها بۆ مانەوەی ئەم رژێمە  کە بە هەزاران لاپەرە لەسەری بنوسرێت هەر کەمە ناتوانرێت  یەک زەررە لەجەنایەتەکانی باس بکرێت ئەو کەسانەش کە تا ئێستا مۆری تەهیدیان بۆ ئەم کەسانە لێداوە بە تایبەت بۆ میهدی کەرۆبی یان هیچ تێگەیشتنی سیاسیان نیە یان بەراستی ئە رژێمەیان قەبولە کەمن پێم وایە کە بەشی دووەم دەگرێتەوە یانی مانەوەی

رژێمیان پێ باشە چونکە بۆ خۆیان هیچیان لەدەست نایەت تابیکەن، مەجبورن خۆیان بەو کەسانەوە هەڵدا وەسن یان جارو بار لە دەرەوەی وولات شتێک بڵێن هەر نوزە یان بێت پێیان باشە دڵیان پێ خۆشە دەنا ئەم بەعزە هەڵوێست گرتنە، نەگرتنی باشترە نەقەت کۆماری ئیسلامی گۆرانی بەسەردادێت، نە قەتیش کەسانی وەک کەروبی دەتوانن مافی کەمە نەتەوەکان بدەن.

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئیران سەرکەوێت گەلی کوردو جوڵانەوەکەی هەر

بژی کوردو کوردستان

سالح بایاب 2009/05/30

saleh_bayab@yahoo.com